ساتێك بۆ پێكەنین

خوێنەرانی هێژا؛

کورد هەمیشە لە نوکتە و قسەی خۆش و گاڵتە و گەپ بێبەش نەبووە و هەوڵی داوە لەو ڕێگایەوە بەشێک لە خەمەکانی بڕەوێنێتەوە. لەم ڕۆژانەشدا جۆک و گەپی زۆر لەسەر سەدام و دار و دەستەکەی دادەهێنرێ و کوردیش لەم بوارەدا کەمتەرخەمی نەنواندووە. ئێمە لێرەدا ئەم بەشەمان تەرخان کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی نوکتە و قسە خۆشەکان. ئێوەش لە ناردنی جۆکی نوێ درێغی مەکەن.

کوردستان نێت

---

* ماوەی نزیکەی سەد ساڵێک بوو گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تابورێکی سەربازی بوون و تورکەکان لە ڕیزی پێشەوە و کورد لە ڕیزی دواوەی ئەو تابورەدا بوون. ئەمەریکاش لە بەرگی "عەریف"ێکی سەربازیدا "ڕاست..چەپ..ڕاست.. چەپ" مەشقی پێدەکردن و بە هەمان ئاڕاستەدا بەرەو پێشەوەی دەبردن. "عەریف" کە لە دواوەی تابورەکەوە ڕێی دەکرد، ڕۆژێک بە خەیاڵیدا هات و پڕ بە گەرووی هاواری کرد: "بۆ دواااااااااااااااااوە وەرگەڕێ." بەو جۆرە کوردەکان کەوتنە ڕیزی پێشەوە و تورکەکانیش کەوتنە ڕیزی دواوە.

* ڕۆژێک سەدام و دار و دەستەکەی بە مەبەستی ڕاو و شکار ڕوو لە دەرەوەی شار دەکەن. هێندەی پێناچێت پۆلێک قازیقولنگ بە ئاسمانەوە دەبینن و سەدام دەڵێ: ها تەها ئەو کلاشینکۆفە بگرە و دوو سێ باڵندەمان بۆ بەردەرەوە. بەڵام مەلەکان بە تەقەکانی تەها پێوە نابن. ئەمجارە سەدام کلاشینکۆفەکە دەداتە عیزەت و پێی دەڵێ: ئادەی عەزوز دەسترەنگینی خۆتمان بۆ بنوێنە! بەخوا ئەویش هیچی بۆ ناکرێ. سەدام تورە دەبێت و پەلاماری کلاشینکۆفە دەدات و دەڵێ: هەرچی کار هەیە دەبێ لە ئاکامدا بێتەوە لای خۆم و من بۆتان بکەم. بەدەم ئەم قسانەشەوە بە سەلی تەقە لە باڵندەکان دەکات، بەڵام ناتوانێ بیانپێکێ. هێندەی تر تورە دەبێت و ئاگری لێ دەبارێ. تاریق عەزیز فریای هێورکردنەوەی دۆخەکە دەکەوێت و دەڵێ: ئەی خوایە گیان ئەمە چی موعجیزەیەکە کەوا ئەو هەموو باڵندە کوژراوە بەو ئاسمانەدا دەفڕن؟!